# مردنی بەهای خۆشەویستی لە چیرۆکی (مەم و زینەکان)ی شێرزاد حەسەندا



هەڵمەت بایز

خۆشەویستی چەمکێکی تازەبابەت نییە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ڕەگەکەی دەچێتەوە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوەندە فرە واتاو هێماو دەلالەتی جیاواز لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، پێویستمانە بە پێی کات و شوێن و مانا جیاجیاکان مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. لێرەدا بۆ تەواوی ئەو مانا بەرفراوانە ناڕۆین، کە خۆشەویستی پەیوەست بکەین بە هەموو لایەنەکانی ژیان، بەڵکو پێویستمانە زیاتر لە پەیوەندی خۆشەویستی کوڕ و کچ قسە بکەین لە بەراوردێکی روحییانەی خۆشەویستی ئێستاو ڕابردوو، کە سەرچاوەی هەردووکیان لە کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵقولاوە، هەروەك چۆن وتمان خۆشەویستی هەبووە و هەیە، دەڵێین: (مەم و زین)ی کوردیش وەك بەشێکی فۆلکلۆر ڕەنگدانەوەی ئەو هەبوونەیە، ئێستاش (مەم و زین)مان بەشێوەی جۆراوجۆر و ڕەنگی جیاوازتر هەن، کە جێی هەڵوەستەکردن و بەراورکردنە لە ئێستا و رابردوودا.

بۆ قسەکردن لەسەر (مەم و زینەکان)ی ئەم ڕۆژگارەمانو (مەم و زینەکان)ی ڕابردووش، وەك بەشێکی کەلتوری ئێمە پەنادەبەینە بەردەقی چیرۆکێکی هونەری شێرزاد حەسەن بەناوی (مەم و زینەکان)* ئەو دەقەی کە لە تەواوی چیرۆکەکەدا ڕاڤەو بەراوردێکی جوانمان بۆ دەکات لە بابەت ئەو پەیوەندی خۆشەویستیەی لە نێوان کوڕ و کچاندا هەیە. چەند پارچەیەك لە چیرۆکە دەکەینە بەڵگەیەك بۆ پیشاندانی دیوی ڕاستی ئەو گەنجە کوڕو کچانەی کە خۆیان بە (مەم و زین) دەزانن و لە نێو کۆمەڵگەی کوردی ئێستاماندا وێنەیان زۆرە، لە لایەکی دیکەش وەك پرسیارێك ئەوەمان پێدەڵێت ڕوحیەتی خۆشەویستی بەپێی کات چۆنە؟ مەم و زینەکانی ئێستاو ڕابردوو چونن؟ بۆچی ڕۆژگارێك مەم و زینێکی دروستکرد و تا ئێستاش دەقێکی زیندووی فۆلکلۆرییە؟ هەمووشمان چیرۆکەکەی دەزانین، کەچی ئێستا بەهەزاران مەم و زینمان هەیە و هیچ دەقێکی ئەدەبیش لە دایك نابێ کە رۆحیەتی مەم و زینی تێدابێ .

بۆ ئاشنا بوونمان بە کورتەی چیرۆکەکەی شێرزاد حەسەن، پاڵەوانی چیرۆکەکە دەرهێنەرێکە لە فلیمێکدا دەیەوێ نمایندەی (مەم و زین)ێك بکات لە نێوان دەستەیەك لە کوڕ و کچاندا، پاڵەوانی چیرۆکەکە کوڕ و کچێکی دەوێت کە ڕۆڵی (مەم و زین) ببینن، بەڵام دوای یەك مانگ مشتومڕ هیچ لەو کور و کچانە ڕێك ناکەون دوو کەس ببن بە (مەم و زین)، چونکە هەموویان خۆیان بە (مەم و زین) دەزانن، بۆیە دوا بڕیار و کۆتایی چیرۆکەکەش دەرهێنەر دەڵێ: مادامەکی هەموو کچەکان زینبن و هەموو کوڕەکانیش مەم بن ....ئیتر چ پێویست دەکات فیلم دەرکەین و خەڵکی فێری پاکی بکەین ....بۆ دەرسی عیشق و خیانەت بە خەڵکی بڵێینەوە؟ ....خۆش بە حاڵی کورد و خانی ئەو هەموو مەم و زینەی هەیە ...لای ئێوەم خۆش ماڵئاوا .

چیرۆکنووس لە گۆشەنیگای خۆیەوە لەسەر زاری دەرهێنەری پاڵەوانی چیرۆکەکەی وێنەی ڕاستی (مەم و زین)ێکمان بۆ دەکێشێت لە پێناو پیشاندانی ئەو ڕاستیەی کە عیشق و خۆشەویستی ئەو سۆز و پەیوەندیەی جارانی نیە، بەو مانایەی نە(مەمەکان) ئەو(مەمانەن) نە (زینەکان)یش ئەو (زینانەن)، بۆیە دەرهێنەر کە کارێکتەری سەرەکی چیرۆکەکەیە، لە وەسفی کوڕانی نێو چیرۆکەکەدا دەڵێ : دەی هەریەکە و دەستی هەزاران زینتان بڕیوە..... ڕێکەون لەوە پتر هیلاکم مەکەن. ئەم دەستەواژەیەی دەرهێنەر ڕاستییێکی ئەو کوڕانەی نێو چیرۆکەکەیە و، لە هەمانکاتیشدا وێنەی ئەو کوڕانەیە کە ئێستا خۆیان بە مەم دەزانن لە واقیعی ئێمەدا بوونیان هەیە،

هەڵخەڵتاندن بەناوی عیشق گۆڕینەوە شوێنی ئەو خۆشەویستیە ڕاستەقینەیەی گرتووە وەك ئەوەی لە مەمو زینی ڕاستەقینەدا هەبووە. هۆشیاری کاراکتەری چیرۆکەکە لە بارەی ڕاستی گەنجانی ئەم ڕۆژگارە تەنها بەمە ناوەستێ، بەڵکو دەیەوێ ئەوە پیشانبدات، جگە لە برینی قۆڵی زینەکان هەندێ جار کوران ڕۆڵی بەکری مەرگەوەڕیش دەبینن، هەروەك دەڵێ: پێتان دەڵێم ڕۆڵی بەکری مەرگەوەڕ ببین شانی وا ....باڵی وا ......کەچی کەستان ئامادە نیە دەوری بەکری مەرگەوەڕ ببینێ، من مەبەستم ئێوە نیە، بەلاَم توشەرەفتان لە ژیانیخۆماندا کامەمان بەکری مەرگەوەڕ نین؟ وێڕای ناپاکی لە سۆز و خۆشەویستی و سیفەتی بەکر مەرگەوەڕی بۆ کوران، دەرهێنەری پاڵەوانی چیرۆکەکە وەسفی ئەو کچانەش دەکات کە خۆیان بە زین دەزانن (دەرهێنەر بە دزە نیگایەك تێیان ڕادەما لە دڵی خۆیدا وتی ئاخر کامتان توانیوتانە بۆ ڕۆژێکیش بێت جێ پەنجەی توتەی زین بن نەك ڕۆحی؟) مردنی بەهای خۆشەویستی دوور لە هەموو هەستێکی پاکانەی مرۆڤ دۆخێکی ڕۆژانەیەو زۆر جاریش دەبێتە تەوەری گفتوگۆکانمان و باسی لێوەدەکەین، بە تایبەتی لەو کاتانەی خۆشەویستی وەکو بابەت و ناوەرەڕۆکی خۆی دەبێتە بابەتێکی دیکە، هەندێ خەسڵەتی دیکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە کە لەگەڵ دەستورو یاساکانی خۆشەویستیدا نەگونجێ و بە ناوی خۆشەویستیشەوە لە نێو کوڕ و کچاندا پیادەدەکرێت، دەرهێنەر لە بارەی کورانەوە پەردە لەسەر ڕاستی بابەتێك لادەدات وەك خەسڵەتێك شوێنی خۆشەویستی گرتووە: (یەکێ تۆزی دەلنگی پانتۆڵەکەی دادەتەکاند دوانی دیکەش ئەمجارەیان لە درزە تاریکەکەی نێو هەردوو ئەژنۆوە نیگایان گواستبۆوە سەر تەنگە دۆڵی بەر تەسکی هەردوو مەمکی یەکێ لە زینەکان کە بێ ئاگا لە خۆی یان بە ئەنقەست، یان لە تاو گەرما قۆپچەی کراسە تەنکەکەی کرابۆوە، دوانیشیان بەقەهرەوە مژیان لە جگەرەدەدا و دوکەڵیان هەڵدەمژی وەك بڵێی دوژمنێك لە ناو سکیاندابێ و بیانەوێ بیخنکێنن)، کەواتە سروشتی خۆشەویستی مەمەکانی ئەم ڕۆژگارە سروشتێکی شەهوەت ئامێزە، نەك ڕوحیەتێکی خۆشەویستی، وێناکردنی مردنی ڕۆحیەتی (مەم و زین) وەنەبێ تەنها پەیوەندی بە کوران خۆیانەوە هەبێت، بەڵکو تاوانی مردنی ئەو ڕوحیەتەش دوولایەنەیە، دەرهێنەری چیرۆکەکە لە وەسفی یەکێك لە زینەکانی ناوچیرۆکەکەدا دەڵێ :یەکێ لەو زینانە جانتاکەی کردە قۆڵی و لێیدا ڕۆیشت .....وادەی ژوانێك حەجمانەی لە بەر بریبوو ......نەك لەگەڵ مەمێك، بەڵکو لەگەڵ مەرگەوەڕێکدا. کەواتە ڕاستی مردنی




ئەو خۆشەویستیە لە دەستدانی بەهای خۆشەویستیە لەنێو کوڕ و کچاندا دۆخێکی بەردەوامە و هەردووکیان سەرچاوەی لەدەستدانی ئەو بەهایەن.

هەموو ئەو دەقانە نموونەیەکن لەو ڕاستیانەی لەمن و تۆ ئەوانیدیکەشدا هەن، چونکە ئێمە لە دانیشتنەکانماندا لە مێزی گفتوگۆی عاشقانە و لە تەلەفۆنە چەند سەعاتیەکانماندا هەریەکەی پاڵەوانێکی ئەو داستانانەین، بەو مانایەی هەر ئێمە لە خۆشەویستی دەزانین، مەم و زینەکان ئێمەین، لەگەڵ یەکتر دەدوێین و پێدەکەنین، کەچی دوای نیو سەعات هەریەکێکمان چاوەڕوانی خیانەت دەکات، قسەکانی دەگۆڕێن، لای برادەرانی دیکەشی نهێنی ئەو خۆشەویستیە گاڵتەجاڕیە باس دەکەین، ئیدی چ کارمان بەوەنیە چی ڕوودەدات؟ بەمەش ناوەستێن دەمانەوێت هەموو هەوراز و نشێوەکان ببڕین تا فێری هونەری هەڵخەڵەتاندنبین، ئەو هەڵخەڵەتاندنەی کە فرمێسکی سەدان و هەزاران گەنجی تازەپێگەیشتوی کوڕ و بەتایبەتی کچان دەڕێژێ، سەیریش ئەوەیە لێمان باوەڕ دەکرێت و بێویژدانانەش دەیکەینە چیرۆك و مێژوویەکی شانازی خۆشەویستیمان. وریابن ئاشقان، وریابن، ئەوانەی دەڵێن (مەم)ین ئەوانە (مەم)ی ئەو ڕۆژگارەن نەك سەردەمی ئەحمەدی خانی و ڕابردوو، ئەوانەش کە دەڵێن (زین)ین بەرگی زینیان پۆشیوە نەك ڕۆحی.

* چیرۆکی (مەم و زینەکان) لە کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان) لە کتێبی سەرجەمی بەرهەمەکانی (شێرزاد حەسەن) لە لاپەرە (٣٥٩-٣٦٣) وەرگیراوە.